# خەڵکینەکامیان ؟ دەسەڵاتی داد.! یان فتوای مزگەوت..؟؟؟





## کەمال غەریب

ئەم ڕووداوەگلۆپی سوورەبۆ هەموو ڕۆشەنبیرانی گەلەکەمان ، چونکەهەموو ئازادییەکان دەکات بەئامانجی ڕەشی خۆی ، دووبارەشەریکی دەسەڵات ڕادەگەیەنێت لەگەڵ بکەرەکانی. دیسان محەکی ئەوەیەگەر داد وەک سستێم فرمانڕەوا بوایە، مزگەوت نەئەبوو بەسەرچاوەی بڕیاردان.

کلتووری لغاو کردن ، هەوسارکردن ، زمان بڕین , فتوای کووشتن ، "بێ ئەخلاق"و "مولحید"لەقەڵەم دان لەبڵندگۆی مزگەوتەکانەوە ، بەڕۆژی ڕووناک و بەبەچاوی هەموو دەزگاکانی دەسەڵات لەسلێمانی و هەولێر ، تێدەپەڕێت ،بێ وەڵامدانەوە، تەنانەت قڕووقپ هەڵدەبژێرن ، وەک ئەوەی مێش میوانیان نەبێت ، لێرەدا دەسەڵات خۆیدەخاتەبندەستی سەرسوڕمان و پرسیارەوە. ئیسلامی سیاسی لەسەنگەرگرتنەوە، ڕوو لەشەڕی دەستەویەخەدەکات ، دوایی پشوویەکی ١٥ ساڵی .

دیسان ڕاستەوخۆ پەیامی هەموو باڵاکانی ئیسلامەبۆ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی ، کەئەوەی بمانەوێت دەیکەین و حسابیش بۆ کەس ناکەین ، وەئەمەش دیسان پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئایدۆلۆجیای ئیسلامەبەشەریکایرتی لەگەڵ توورک ، ئارەب و فارسدا. لەم فەوزاییەی دەسەڵاتی تێدایە، بووەبەسەرچاوەی بێ هیوایی و دڵەڕاوکێی زۆرینەی خاوەن قەڵەمەسەربەخۆ و ئازادەکان. ئەمەش وای لەدەسەڵاتی هەولێر کردووە بەتایبەتی شەرعییەتی خۆی لەدەستبدات. ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر دەنگەئازادەکاندا دێن وەک کاک ((فەرهاد پیربال) لەسەر نوسراوێکی وەگێڕدراو لەناو پەڕتووکی سووڵتانەئۆسمانییەکان ،گوایەوێنەی ئافرەتی ڕووتی تێدایە. بێهەڵوێستی داد و ئابلۆقەدانی ئەم کۆنەنووسەرەی سەر بەدەسەڵات ، نیشان ئەدات کەیاسا ناتوانێت جێی بوونی خۆی بکاتەوەلەکۆمەڵگایەکی نا شارستان (چونکەلەم کۆمەڵگایەبێپرینسیپی یاساییبریتییەلەزاڵبوون و قەڵەمڕەووی حیزبی بۆ تیرەیەک یان ئەوانەی خاوەنی تەزکییەی حیزبن). دیسان ڕووی ژێرەوەی دەسەڵات دووبارە، خۆی خستەوەناو ڕووداوەجەرگ بڕەکانی سەردەشت ئوسمان و هەموو شەهیدەکانیتری قەڵەمی ئازا و قەڵەمە سەرکەشەکانی ئەمڕۆ کەبەدڵی ئەوان نانوسێت یان لەتەوەری پەیمانەحیزبییەکان ئەدات( یان نەخشەئقلیمییەکانیان) ، دیسان دوور نییەئەم مەسەلەییەی کاک پیربالٚ بەگوولەی وێڵ وەک فایلی تاوانەی سەردەشت بنگۆم بخرێت. کاک فەرهاد پیربالٚ گەر لەساییەی دەسەڵاتی هەولێردا دابنیشتایە،سەر ئەنجامی ئەم ڕووداوانەپێچەوانەئەبوو . هەربۆیەئەم نووسەرەکەسەنگەری گواستەوەبۆ سلێمانی خۆی بەگورگان خواردوو دا (خۆزگەبەکفن دز) . ئەوەی بەسەری هات تەڵەیەک بوو بۆیان نابۆوە. ئاخرێکەشی گرتی..! بیانووی ئەم

بەسەرهاتە،گرنگترەلەدەرئەنجامەکانی( ٦ مانگ زیندانی لەدەرەوەی بەندینخانەو بڕێک پارە) ، چونکەدەسەڵات ( چ قەباعەت و هۆکارەکەی) کرد بەماڵ بەسەر ئەم نووسەرەوە.جگەلەکاریگەرییەدەروونیەکانی و ئەو دەرسەمێژووییەی لەداهاتوودا ئەیدات بەسەر ئەم جۆرەدەمووچاوانەدا. ئیسلامی سیاسی لەسەر هەموو ئەو تاوان و کارەساتانەی بەسەر نەتەوەی کوردا هاتووەهەمیشە، بێهەڵوێستی و سەنگەری داگیرکەرانی کوردوستانیان هەڵبژاردووە، هەر بۆیەلەسەر هەزارەها تاوان بەرامبەر ئەم نەتەوەستەمدیدە،فزەیان لەدەم نەهاتۆتەدەرەوە،بەڵام لەسەر تابلۆی ئافرەتێک لەپەڕتووکی ئوسمانییەکان( خۆزگەوێنەی ڕووتی ئەو ئافرەتەکوردەبوایەکەعێراقی عەرەبی ،کردی بەدیاری بەمەلهاکانی میسر).

،هەموو مەلاکان و دەستوپێوەندەکانیان ،ئاسمان و دەریایان تێگەیاند ، لەبەر و سۆزی ئیسلام و خۆشەویستیان بۆی ، وەفتوای ئەوەشیان داوەفەرهاد وەک بزن لەپشتی ملەوەسەربڕن.

ئیسلامی کوردی ، کەهەردەم پاشکۆیی سوڵتانەکانی توورک ، فارس و عەرەب بوون ،ئامادەن هەزار و یەک شەر بکەن لەبەر خاترەکانیان وەدیسان سەلیبییەکان خڵتانی خوێن بکەنەوە.بەڵام ئامادەنین بەیەک دێڕ یان سرودێک باس لەشەهید بووبی ڕۆڵەجوانەکانی باکوور ، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵستی کوردوستان بکەن . شێخ هەعشووقی خەزنەوویی خۆ مەلا بوو ،خاوەنی مزگەوت و خواو و پێغەمبەری موسوڵمانان بوو ،ئەی بۆ کەڕژێمی فاشی بەعسی سووری لەسێدارەیدا ، فزەتان نەکرد و تا ئێستاش نازانن کەی یاد دەکرێتەوە، بەڵام ڕۆژ و مانگ و ساڵی عەرەبەکانتان لەبەرکردووە،قەحتانی بێت یان خەزرەجی.